# پەیوەندی عەقڵ و کەسایەتی

ئالان قەرەداغی

ساڵی چاپ

2024

## پێشەکی

ئەم چەنـــد پەڕەیەی کە لەبەردەســـتە بە مەبەستی توێژینەوەیەک ئامـادەکرابوو کە بـاس لە دروسـتبوونی کەسـایەتی مـرۆڤ دەکات لەڕێگەی خووەکانەوە کە هۆکـاری دروستبوونی خووەکـان و کـۆنترۆڵکردنی پەیوەنــدی بە عەقــڵەوە هەیە، بــۆیە لەم چەنـد پەڕەیە باسـی ئەوەمـان کـردووە کە چــۆن بیرکــردنەوە و ژیــری کــاریگەری

لەسەر دروستبوونی کەسایەتی مرۆڤ هەیە، لەگەڵ چەند باسێکی تر دەربارەی عەقڵ و یاساکانی کارکردنی عەقڵی نائاگاهی.

ئالان قەرەداغی

## زانستی دەرونشیکاری و کەسایەتی مرۆڤ

مرۆڤ لە تەمەنی منداڵیەوە تا دەگاتە کۆتایی تەمەنی بە کۆمەڵێك تایبەتمەندی جیادەکرێتەوە و، بەوانە دەناسرێتەوە کە ئێمە پێیدەڵێین (کەسایەتی)، واتە کەسایەتی ئەو کەسە کۆمەڵێ تایبەتمەندی دووبارە بووەوەی هەیە کە ڕەنگ ئەداتەوە لەسەر تەواوی ژیانی، بۆ نموونە کەسایەتی کۆمەڵایەتیی کەسێك بەوە

دەناسرێتەوە کە کەسێکی ڕووخۆش و کراوەیە، لە هەمان کاتدا کەسێکی دی کە کەسایەتی گۆشەگیری هەیە ئەمیش بەوە دەناسرێتەوە کە کەسێکە کەم تێکەڵ بە خەڵك دەبێت، لە هەردوو کەسەکەدا ئەو تایبەتمەندیانەی پێی جیادەکرێنەوە دووبارە دەبنەوە، بە دووبارە بوونەوە ئەو تایبەتمەندییە لە کەسەکەدا ڕەگ

دائەکوتێ، بەوشێوە ئەو تایبەتمەندییە کەسایتی کەسەکە دیاری دەکات.

**ڕیزبوونی بۆهێڵەکانی ناوکەترشی دی ئێن ئەی لایەنی ماددی کەسەکە دروست دەکات**

بە گشتی مرۆڤ بە دوو بەش ئەناسرێتەوە کە ئەوانیش (لاینی ماددی و لایەنی مەعنەوی) کەسەکەن، یان فیسۆلۆژی مرۆڤ و کەسایەتی.

ڕیزبوونی بۆهێڵەکانی دی ئێن ئەی لایەنی فیسیۆلۆژی مرۆڤ دروست دەکات وەك (ڕەنگی چاو، ڕەنگی قژ، کورت و درێژی باڵا،...)، ئەمانەی کە باسم کرد ئەو شتانەن کە بە چاو ئەبینرێن واتە ماددین و لە کەسەکەدا هەیە، لەگەڵ بینینی کەسەکە دەتوانین خێرا ئەم تایبەتمەندیانەی ببینین، بەڵام کەسایەتی کەسەکە لە یەکەم بینیندا ناتوانین خێرا هەستی

پێبکەین، چونکە کەسایەتی کۆمەڵێ باوەڕ و خووی دوبارەبووەی کەسەکەیە کە ئەوەش لە ناخیدایە، بۆیە بۆ هەستکردن بەوە پێویستە ماوەیەك هەڵسوکەوت لەگەڵیا بکەین یان لانیکەم چەند جارێك گفتوگۆ لەگەڵ کەسەکە بکەین تا ئەوەی لە ناخیدایە بۆمان ڕونبێتەوە بەو جۆرە ئاشنادەبین بە کەسایەتی کەسەکە.

**نائاگاهی ئاوەز بەرپرسە لە دروستکردنی کەسایەتی**

**بەشێك لە دەرونزانەکان و لە ناویشیاندا "سیگمۆند فرۆید" پێی وایە هەڵسورێنەر و دروستکەری سەرەکی کەسایەتی مرۆڤ ئەو بەشەی ژێری مرۆڤە کە ناسراوە بە (لا شعور) یان (نەست) یان (نائاگاهی).**

## نائگاهی چییه و لەچی بەرپرسە؟

ژیری مرۆڤ بە گشتی پێك هاتووە لە دوو بەش ئەوانیش (هەست و نەست) یان (شعور و لا شعور) یان (ئاگاهی و نائاگاهی) یان (وعی و لا وعی)، ئەم دوو بەشەی ژیری کەسایەتی مرۆڤی پێکهێناوە و کۆنترۆڵی ژیانی مرۆڤ دەکات، بەشی ئاگاهی ئەو بەشەی ژیری مرۆڤە کە لە زۆرکاتدا بەکاردێت و کۆنترۆڵی هەستەکان و

کرداره خۆویستەکانی مرۆڤ دەکات وەك (بیستن، بینین، بەرکەوتن، بۆنکردن، تامکردن)، بەشی نائاگاهی کۆنترۆڵی ئەو کردارانەی مرۆڤ دەکات کە ویست هیچ ڕۆڵێکی نییە لە کۆنترۆڵکردنی، واتە بەرپرسە لەو کردارانەی کە بە ویستی خۆمان ڕوو نادەن وەك (سوڕی خوێن، هەناسەدان، دەردانی هۆڕمۆنەکان، یان

خوویەك کە لە کەسایەتیدا ڕەنگی داوەتەوە وەك شەرمکردن، جوڵەی نائاسای دەم و چاو).

## دۆزینەوەی لا شعور

فرۆید و نەست دوو وشەن کە زۆرجار بیستوومانە بەدوای یەکدا دێن، لەبەر ئەوەی ناکرێت باسی بابەتێکی گەورەی وەك نەست بکەین و ناوی دەرونزانی گەورە (سیگمۆند

فرۆید) نەهێنین، هەرچەندە بۆچوون هەیە کە پێش فرۆید بابەتی لا شعور وەك بابەتێکی فەلسەفی فەیلەسوفەکان درکیان پێکردووە، بەڵام ئەتوانین فرۆید وەك گەشەپێدەری ئەم چەمکە دابنێین.

## فرۆید کێ بوو؟

دەرونزانی بەناوبانگ و دامەزرێنەری زانستی شیکاری دەروونی (سیگمۆند فرۆید) لە 6ی مانگی مایسی ساڵی 1856 لەدایکبووە، فرۆید لە تەمەنی چوار ساڵیەوە لەگەڵ خێزانەکەی لە ڤییەنای پایتەختی نەمسا نیشتەجێ بوون، لەساڵی 1938 بەهۆی داگیرکردنی نەمساوە لەلایەن نازییەکان، فرۆید ناچارئەبێ خۆی و

خێزانەکەی ڤییەنا جێبێڵن و ڕوو بکەنە لەندەن، لە ساڵی 1939 لە لەندەن کۆچی دوای دەکات.

## شۆڕشەکەی فرۆید لە زانستی دەرونشیکاری

پزیشك و دەرونزانی گەورە (سیگمۆند فرۆید) ڕێخۆشکەر بوو بۆ قوڵبوونەوە لە دەروونی مرۆڤ و شیکردنەوەی دەروونی، فرۆید بە ئاشکرا

لقێکی تری له زانستی شیکاری دەروونی زیادکرد و، نائاگاهی به تەوەرەی سەرەکی ئەو لقه دانا، کۆمەڵێ چارەسەری دەروونی هێنایه کایەوه بۆ ئەو گرفتانەی بەهۆی لا شعورەوه دروست دەبێت، "فرۆید" دوو بەشی له مرۆڤ جیاکردەوه ئەوانیش (هەست و نەست)، وای دانا نەخۆشی و ناتەواویەکانی جەسته پەیوەندی به نەستەوه نییه، بەلاّم نەخۆشییه

دەروونیەکان پەیوەندی بە نەستەوە هەیە، ئەم دۆزینەوەی "فرۆید" بوو کە وای کرد لە زانستی پزیشکیدا دوو بەش جیابکرێنەوە لە یەك کە ئەوانیش (بایلۆجی و دەرونی)یە.

## زانستی دەرونشیکاری

زانستی شیکردنەوەی دەرونی ڕێگایەکە بۆ قوڵبوونەوە لەناخی مرۆڤ، بۆ تێگەشتن لەو

کارانەی کە پەیوەندی بە ژیرییەوە هەیە و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ژیری و فیسۆلۆژیای مرۆڤ، و تێگەشتن لە هەست و سۆز و هەستە سەرکوترکاوەکان، و دۆزینەوەی چەندین چارەسەری دەرونی.

## تیۆرییەکەی فرۆید

ئەگەر بەپێی تیۆریەکەی "فرۆید" ژێری مرۆڤ یان پێکهێنەری کەسایەتی بشوبهێنین بە نموونەی ئەو شاخە بەستەڵەکەی کە لەناو دەریایەکدایە، ئەو بەشە کەمەکەی سەر دەریاکە بەشی شعورە، بەشە زۆرەکەی ژێر دەریاکە، بەشی لا شعورە، کە نزیکەی ٪90 کەسایتی پێکدێنێت، هەندێ بۆچوون هەیە ئاماژە بەوە

دەکەن کە ڕێژەکە زیاترە و دەگاتە ٪95.
واتە نەست بەشێکی شاراوەیە لە ژێری کە مرۆڤ هاندەدات لە ناخەوە، فەیلەسوفەکان پێش فرۆید بە هێزێکی شاراوەیان لە قەڵەمداوە، کە تا ئێستاش هیچ شوێنێکی دیاریکراوی نییە لە مێشکدا وەك مادە، وەك ڕەخنەگران باسی دەکەن نەست بابەتێکی میتافیزیکییە واتە وەك ماددە شوێن لە بۆشایدا داگیر ناکات. نەست

لەکاتی بێداریدا خۆی مەلاس دەدات و نائاگایە،

ئەو کاتە دەکەوێتە کار کە هەست سڕ دەبێت

یان لەکاتی شۆك و ڕۆداوێکی ناخۆش یان کاتی

خەوبینین یان هەندێ لە نەخۆشییەکان.


Conscious
Preconscious
EGO
SUPER-EGO
ID
Unconscious

## سێ خودی مرۆڤ لە لا شعور

فرۆید زۆر جەخت ئەکاتەوە لە دوو شت کە جڵەوی مرۆڤ دەگرنە دەست ئەوانیش (سێکس و شەڕخوازین)، هەر لەم ڕووەوە فرۆید تیۆری (شیکاری دەروونی) دانا.

بەپێی تیۆرییەکەی فرۆید، لا شعور پێکدێت لە سێ بەش ئەوانیش (ID, EGO, Super EGO)

بە كوردی ئەتوانین ناوی بنێین (خودی حەزەكان یان ئاژەڵی ID، خودی مرۆیی یان ئاسایی EGO، خودی نموونەیی یان باڵا Super EGO)

خودی حەزەكان : ئەو بەشەی لا شعورە كە حەزە قەتیسكراوەكانی تیا مەڵاسدراوە و كانگای حەز و شەهوەتە، ئەم خودە لەگەڵ لەدایكبوونی مرۆڤ دروست دەبێت و بەدرێژایی

تەمەنیشی لەگەڵی دەمێنێتەوە، ئەم خودەی مرۆڤ تەنها کاردەکات بۆ گەشتن بە تێرکردنی ئارەزووەکان و حەزە جنسیەکانی، ئەم خودە گویَ بە واقع نادات و تەنها کار بۆ گەشتن بە ویستەکانی دەکات، هیچ گرنگیەك بە داب و نەریت و ڕێگری دین و یاسا و ڕەوشت نادات، ئەو حەزانەی کە مرۆڤ هەیەتی و بۆی تێر نەکراوە لەم خودە خۆی مەلاَس داوە. خودی

مرۆیی یان ئاسایی: بەشێکە لە نێوان خودی حەزەکان و خودی نموونەیی، خودی نموونەیی: ئەو بەشەی لا شعورە کە تایبەتە بە کار و کردەوەی چاك و بیری چاك و ئەوەی کە ڕێگری لە مرۆڤ دەکات لە خراپە زۆر جار ئەمەیان ناودەبرێت بە (ویژدان)، ئەم خودەیان هەندێ سەرچاوە بە ڕوح پێناسەی دەکەن، ئەم خودە بە تەواوی پێچەوانەی خودی حەزەکانە، چونکە

ئەم خودە گرنگی بە داب و نەریت و یاسا و دین دەدات، و ئەم خودە زیاتر لە کاریگەری بۆماوەیی و دایك و باوکە سەرچاوە دەگرێت، بەپێی هەندێ سەرچاوەش ئەم خودە بریتییە لە "ویژدان" کە ڕێگری دەکات لە خراپە و دژی خودی حەزەکانە، ئەم خودە سەرەتا وەك داب و نەریت و دایك و باوك و ڕێگری بە منداڵ دەوترێت بە دووبارەبوونەوەی دەبێتە ویژدان.

نمونەیەك بۆ تێگەشتن لە هەر سێ خودەكە:

گەنجێك لەسەر شەقام كچێك دەبینێت، لەم كاتەدا گەنجەكە حەزی سێكسی بۆ دروست دەبێت و حەزدەكات سێكس لەگەڵ كچەكە ئەنجام بدات، بەڵام لێرەدا خودی نمونەیی دێتە كایەوە و ڕێی لێ دەگرێت ئەو كارە بكا بەهۆی ئەوەی داب و نەریت و دین و ڕەوشت ئەوە قبوڵ ناكا، پاش ئەوە خودی مرۆیی كە لەنێوان خودی

حەزەکان و خودی نمونەیی دایە، دێتە کایەوە و کاری خۆی دەکات، لەم کاتەدا خودی مرۆیی هەوڵدەدات بۆ تێرکردنی حەزەکانی و گوێدان بە داب و نەریت و رەوشت بەرزی، بۆیە لەم کاتەدا خودی مرۆیی هاوسەرگیری بە چارەسەر دادەنێت کە لەم ڕێگەوە هەم حەزەکەی خودی حەزەکان تێر دەبێت، هەم ڕێز لە داب و نەریت دەگرێت و ڕەوشت بەرزی خۆی دەپارێزێت بەم

جۆره خودی مرۆیی هاوسەنگی ڕاگرت لەنێوان دوو خودەکە.

## دیارترین ڕەخنە لە تیۆرییەکەی فرۆید

یەکێك لەو ڕەخنانەی لە فرۆید دەگیرێت ئەوەیە کە فرۆید گەورەیی مرۆڤ بچوکدەکاتەوە بۆ ئاستی ئاژەڵ، چونکە فرۆید پێی وایە مرۆژیش هەر ئاژەڵێکە و بەس تۆزێك ئاستی بەرزترە،

ئەو پێی وایە ئەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵ جیادەکاتەوە بیروباوەڕی ئاینی و هونەری و زانستیەکەیەتی، فرۆید زیاتر باسی لە پاڵنەرە سێکسییەکان کردووە و بەشێکی گەورەی تیۆریەکەشی ئەو باسەیە.

**لا شعور لە چی بەرپرسیارە؟**

لا شعور کۆنترۆڵی کەسایەتی و زۆربەی کایەکانی ژیانمان دەکات، بە گشتی بەپێی لێکۆڵینەوەکان

**دەربارەی لا شعور دوو بۆچوون هەیە:**

1–لا شعور تەنها بۆ بەدیهێنانی ئارەزووەکانە (خودی ئاژەڵی): ئەو سەرچاوانەی پاڵپشتی ئەم بۆچوونە دەکەن پێیان وایە لا شعور شوێنی خەزنکردنی ئەو حەز و ویستانەیە کە ئێمە ناتوانین لە ژیانی ڕۆژانەدا پێی بگەین، ئیدی بەهۆی ترسی کۆمەڵایەتی یان دین یان ڕەوشتەوە بێت، ناگەین بەو حەز و ویستەی

هەمانە، بۆیە لا شعور ئەم حەز و ویستە خەزن دەکات و بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕێت بۆ گەشتن بە حەزەکانمان، ئەویش زۆرجار لەڕێگەی خەوبینینەوە دەبێت، چونکە لەکاتی خەوتن لا شعور چالاکترە، بەڵگە بۆ ئەم بۆچوونە بینینی خەوی گەنجانە (شەیتانی بوون)ە لە تەمەنی گەنجێتی، گەنجان لە کاتی بێداریدا ئەو حەزەی هەیانە ناتوانن پێی بگەن،

بۆیە ئەم حەزانە لە لاشعوریان خەزن دەبێت و لەکاتی خەوتندا بەشێوەی خەو دەیبینێت و، دەگاتە لوتکەی حەزەکەی.

2-لا شعور کانگای داهێنان و بیری چاکە (خودی نمونەیی): ئەو سەرچاوانەی پاڵپشتی ئەم بۆچوونە دەکەن هەندێکیان پێیان وایە کە ئەم بەشە لا شعور نییە بەڵکو (ڕوح)ە، پێیان وایە کانگای داهێنان و بیری چاك و کرداری

باشه، بەڵگەش بۆ ئەم بۆچوونە ئەو داهێنان و بیرکردنەوە زانستیانەیە کە بیرۆکەکەی لە خەوبینینێکەوە وەرگیراوە وەك (دۆزینەوەی خشتەی خولی) یان (دامەزراندنی سایتی گوگڵ) یان (داهێنانی دەرزی مەکینەی درومان).

لا شعور بەرپرسیارە لە کردارە خۆنەویستەکان:

لا شعور بەرپرسیارە لەو کردارانەی کە خۆنەویستانە ڕوودەدەن و ویستی مرۆڤ ناتوانێت

کۆنترۆڵ بکات وەك (سورِی خوێن، دەردانی هۆرمۆنەکان، لێدانی دڵ، هەناسەدان، جوڵەی نائاسایی ئەندامەکانی لەش)

سورِی خوێن: سورِی خوێن ناتوانیت بە ویستی خۆت کۆنترۆڵی بکەیت، بۆیە دەبینین هەندێ کەس لەکاتی قسەکردن یان پێشکەشکردنی وتارێك دەمووچاوی سور هەڵدەگەرێت، کە ئەمە لا شعورە کار لە ملولەکانی خوێن دەکات و،

وادەکات دڵ خوێنێکی زیاتر پاڵ بنێت بە ملولەکاندا.

خەزنکردن و یادەوەری: وێنە و دەنگ دەکات بە یەك دۆسییە لە یەك کاتدا ئەگەر گوێت لە دەنگێك بێت و وێنەیەك ببینیت، ئیدی هەرکات ئەو وێنەت بینیەوە ڕاستەوخۆ دەنگەکە بەدوایدا دێت، یان کە گوێت لەو دەنگە بویەوە ئەوا وێنەکە دێتە یادت.

ئارەقە ڕژێنەکان: بەهەمان شێوە ئارەقە ڕژێنەکانیش کردارێکی خۆنەویستە لە لەشماندا ڕوو دەدات کە هەندێ جار لە ئەنجامی ترس و گەرمی و نەخۆشی لەش ئارەقە دەکاتەوە، ئەمەش کاری نائاگاهییە کە بەوە ڕێگە هاوسەنگی لەش ڕادەگرێت.

پەرچەکردار: یەکێکی تر لە کارەکانی لا شعور ئەوەیە پەرچەکردارەکان کۆنترۆڵ دەکات کە

ئەمیش بۆ پاراستنی مرۆڤە، بۆیە هەندێ جار کە دەستت بەر شتێکی گەرم دەکەوێت بەبێ ویستی خۆت و بێ بیرکردنەوە دەستت دەگەڕێنیتەوە دواوە.

ترس و خەزنکردن: منداڵ کە لەدایك دەبێت لە هێ شتێك ناترسێت، بەڵام پاش تێکەڵبوون بە کۆمەڵگە ئەم ترسەی بۆ دروست دەبێت، لێرەوە گرنگی لا شعور دەزانین کە هەندێ لە ترسەکان

خەزن دەكات بۆ ئەوەی جاری داهاتوو خۆمانی پێ بپارێزین، منداڵ ئەگەر یەكەمجاری بێت ئاگر ببینێت بەبێ ترس بەرەوڕووی دەچێت، بەڵام ئەگەر جارێك دەستی بە ئاگر سوتا، ئەم ترسەی بۆ دروست دەبێت و لە لا شعور خەزن دەبێت، بۆیە هەركات ئاگرەكەی بینیەوە لا شعور خۆنەویستانە بیری دەخاتەوە كە مەترسیدارە و دەسوتێیت.

دەردانی هۆڕمۆنەکان: دەردانی هۆڕمۆنەکان کارێکە مرۆڤ ناتوانێت کۆنترۆڵی بکات، بۆیە لا شعور هەڵدەستێت بە کۆنترۆڵکردنی، لەکاتێکدا هەواڵێکی خۆش دەبیستیت لا شعور نامەی ئاگادارکردنەوە دەنێرێت و هۆرمۆنی (سعادە) دەردەدرێت، کاتێك دەکەویتە پەیوەندی سۆزداری لا شعور نامەی ئاگادارکردنەوە دەنێرێت و هۆرمۆنی تێستیترۆن زیاتر

دەردەدرێت کە ئەمەش وا دەکات گەشەی موو خێرا بکات و نیشانەکانی هەرزەکاری دەردەکەوێت، بۆیە ئەو کەسانەی لە پەیوەندی سۆزداریدان گەشەی موویان خێرایە.

## لا شعور و خەوبینین

خەوبینین یەکێکە لەو پرسیارانەی کە لە دێر زەمانەوە مرۆڤایەتی بەخۆیەوە سەرقاڵ

کردووه، هەر سەردەمێك و بەپێی تێڕوانینی کەسەکان لێکدانەوە و وەڵامی ئەو پرسیارە دراوەتەوە کە خەون چییە؟ بەپێی هەندێ لە بۆچوونەکان خەو بینین گەڕێنراوەتەوە بۆ کاری خودا و شەیتانەکان، شارستانیەتە کۆنەکان گرنگیەکی زۆریان بە خەون داوە هەر وەك لە قورئان و تەورات ئاماژە دراوە بە لێکدانەوەی خەونەکان لەلایەن یوسف پێغەمبەر (سەلامی

خوای لەسەر بێت)، یەکێك لە دەرونزانە گەورەکان کە (سیگمۆند فرۆیدە) لێکدانەوەی خۆی هەبووە بۆ خەوبینین، ئەو پێی وایە زۆربەی خەوبینینەکان بۆ گەیشتن بەو ویستەیە کە لە بێداریدا ناتوانین پێی بگەین، واتە بۆ دامرکاندنەوەی حەزە قەتیسکراوەکانە بەتایبەت حەزە جنسییەکان، بەڵگە بۆ ئەم بۆچوونە ئەو خەوبینینەیە کە تێیدا دەگەینە ئەوەی کە

دەمانەوێت، کەسێك ئەگەر لەکاتی بێداریدا لەگەڵ هاوڕێیەکی کێشەی هەبێت و حەز بکات لەگەڵی ئاشت بێتەوە، خەون دەبینێت لە خەونەکەیدا ئاشتبۆتەوە، بە هەمان شێوە کەسێك ئەگەر بە تیونێتی خەوی پیا بکەوێت خەون بە ئاو خواردنەوە دەبینێت، ئەمە گەیشتنە بەو ویستەی کە لە بێداریدا دەمانەوێت و پێی ناگەین.

یەکێکی تر لە خەونەکان ئەو خەونەیە کە داهێنان و دۆزینەوەی زانستی لێوە دەکرێت، لەم جۆرەیان ئەو کەسە بە دالْغەی گرفتێکەوە دەچێتە خەو، ئەم گرفتەی لە کاتی بێداریدا لە لا شعوری مەلأس داوە، بۆیە کە دەچێتە خەو لا شعور ئەم گرفتەی لەڕێگەی خەوبینینەوە بۆ شیدەکاتەوە، نموونە بۆ ئەم خەوبینینە (دامەزراندنی سایتی گوگڵ) کە خاوەنی

سایتەکە (لاری پەبج) دەڵێت فکرەی دامەزراندنی "گوگڵ"م لە خەوبینینێکەوە بۆ هات، نموونەیەکی تر ئەوەیە کە خشتەی خولی دۆزرایەوە، دۆزەرەوەی خشتەی خولی دەڵێت لە خەوندا شێوازی ڕیزبوونی توخمەکانم بینیی، یەکێ لە نمونەکانی تر داهێنانی دەرزی مەکینەی درومان لەسەر شێوەی ڕم کە ئەم داهێنانەش پێشتر لە خەودا بینراوە.

## یاساکانی لا شعور

لا شعور چەند یاسایەکی هەیە و زۆرێك لە یاساکانی لەلایەن "دکتۆر ئیبراهیم فەقیٚ" (خوا لێی خۆشبێت) دۆزرایەوە.

یاسای چالاکیەکانی لا شعور: بەپێی ئەم یاسایە هەرشتێك بچێتە لا شعورەوە فراوان دەبێت و لە هەمان جۆر بەدوای خۆیدا دێنێت، بۆ نموونە

ئەگەر بە سلبی بیر لە هاوڕێیەکت بکەیتەوە ئەوا هەموو لایەنە سلبیەکانی دێتەوە یادت، بە پێچەوانەوە ئەگەر بە ئیجابی بیرت لێ کردەوە ئەوە هەموو لایەنە ئیجابیەکانی بەدوادا دێت.

یاسای هاوتەریب: بەپێی ئەم یاسایە بیرکردنەوەکانمان کاریگەری لەسەر چواردەورەکەمان هەیە و بڵاو دەبێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر تۆ کەسێکت زۆر خۆشبوێت بەبێ

ویستی خۆت خۆشەویستیت بۆ هاوڕێکانیشی دروست دەبێت، بەبینینی هاوڕێکانی دڵخۆش دەبیت، ئەگەر ڕقت لە کەسێك بوو ئەوا خۆنەویستانە ڕق لە هاوڕێکەشی هەڵدەگریت.

یاسای چڕبونەوە (ترکیز): بەپێی ئەم یاسایە هەر شتێك زۆر ورد بیرمان لێ کردەوە بەبیرکردنەوەیەکی زۆر چڕ، ئەوا ئەو شتە لە لا شعورمان دەچەسپێت و دەبێت بە ڕاستی.

یاسای پەیام ناردن: بەپێی ئەم یاسایە قسە و لێدوانەکانی دەوروبەر دەتوانن کار لە کەسایەتی تۆ بکەن و بە پەیامدان لا شعورت بەرنامەڕێژ بکەن.

تا ئێستا ئەمە بەشێك لەو یاسایانە بوو کە دکتۆر ئیبراهیم فەقێ دایناوە.

یاسای ڕاکێشانی کەسایەتی: ئەم یاسایان سەرچاوەیەکی زانستی گەورە پشتڕاستی

نەکردۆتەوە، بەڵام بە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لە زانکۆ گەشتم بەم ئەنجامە.

بەپێی ئەم یاسایە، تۆ بە هەر کەسێك سەرسام بیت هەوڵدەدەیت لاسای ئەو بکەیتەوە، هەر بە لاسایکردنەوەی یەکەم هەنگاوی ئەو کەسە ئەوا تایبەتمەندی کەسەکەت تیا بەرجەستە دەبێت و ئەچیتە سەر ڕێگای ئەو کەسە و خۆنەویستانە زۆر لە کردارەکانی دووبارە دەکەیتەوە.

## لا شعور چۆن کەسایەتی دروست دەکات:

کەسایەتی هەر کەس لە ئێمە لە تەمەنی منداڵیەوە بە کاریگەریەکی کەمی خۆمان و زۆرتری ئەو کۆمەڵگای تیا پەروەردە بووین دروست دەبێت، منداڵێك ئەگەر لە سەرەتای تەمەنیەوە دایك و باوکی بە ترسنۆك و گۆشەگیر و نەزان بانگی بکەن، ئەم قسانە دەچێتە لا شعوری مندالەکە و لە لا شعوری دەچەسپێت و

منداڵەکە بەم بیرکردنەوە گەورە دەبێت، تا ئەم قسانە کار لە هەستەکانی دەکات و ڕەنگدانەوەی دەبێت و دەبێتە کردار، کردارەکە دووبارە دەبێتەوە، بە دووبارە بوونەوە دەبێتە خوو (عادەت)، هەموو مرۆڤێك کەسایەتی بەوە پێناسە دەکرێت کە بریتییە لە کۆمەڵە کردارێکی دووبارە لەو کەسەدا، بەم شێوە ئەم منداڵە کەسایەتی بۆ دروستبوو.

کەسایەتی گۆشەگیر و شەرمن: ئەو منداڵەی کە لە منداڵییەوە کۆمەڵگا و چواردەورەکەی بە (نەزان و شەرمن و سلبی) وەسفی بکەن، ئەم قسانە لە نائاگاهی جێگیر دەبێت، ئەو منالە هەر ئەوەندەی بەسە بچێتە شوێنێك و هەڵەیەك بکا، ئەم هەڵەیەی لە مێشکا ئەچەسپێت و لەگەڵ وشە سلبیەکانی تر جێگیر دەبێت، ئیتر ئەو منالە ترسی بۆ دروست ئەبێت و خۆی لەو

شوێنە دوور دەخاتەوە کە هەڵەکەی تیا کردووە لە تری دووبارەبوونەوەی، بەم جۆرە ئەم منالچە تا گەورە دەبێت بەم ترسەوە گەورە دەبێت و ئەم ترسە ڕەنگدانەوەی ئەبیچت لەسەر تەواوی ژیانی بۆیە خۆی لە هەموو شویچنیچك دوور دەخاتەوە، بۆیە کەسێکی گۆشەگیر و شەرمنی لێ دەرئەچێ، بەم جۆرە ئەم کەسە کەسایەتی گۆشەگیری بۆ دروستبوو.

**ئالان محی الدین قەرەداغی**

**خوێندکاری زانکۆ– زانستی فیزیا–قۆناغی سێ**

ڤایبەر، واتسئەپ: 07511367986

موبایل: 07738313412

https://www.facebook.com/alan.slemany.355